# لەبارەی گرنگترین مەسەلەکانی ئێستای عێراقەوە

## حکومەتی تاڵەبانی- جعفری، تیرۆریزم، کێشەکانی ئێستای نێوان پارتی و یەکێتی، سەردانی رایس بۆ عیراق و دەستوری داهاتوو

### گفتوگۆی خەسرەو سایە لەگەڵ رێبوار ئەحمەد لیدەری حیزب

راگەیاندنی حکومەتی تاڵەبانی– جەعفەری، هەلگری ناکۆکی و قەلشتی گەورەیە، ئەمە نەك هەرلەروانگەی بارودۆخی کۆمەلایەتی و بژیوی خەلکەوە، بەلکو لەروانگە بەرژەوەندی لایەنە پیکهینەرەکان و سەرجەم بەشەکانی چینی بۆرژوازی‌یەوە لەعیراق جیگای گومان و تیرامانە، دواکەوتن لەپیکهاتنی ئەم حکومەتەو نەتوانینی پرکردنەوەی پۆستی وەزاراتەکان تادەگات بەدەست لەکارکیشانەوە و دووپاتکردنەوەی سویندخواردنی وەزیرو سەروکی وەزیران.. لانی کەم ئەمانە لنیشان ئەدات کە حکومەتی کاتی ئیستای عیراق لەرزۆك و ناپایەدارە.. سەرچاوەکانی ئەم مەسەلەیەچین؟ ئەم حکومەتە لەگەل چ جۆرە ناکۆکی‌یەکی چارەهەلنەگر بەرەو رووە؟ ئایا بەم حالەیەوە دەتوانی گرفتی ئەمنیەت و گیرانەوەی مەدەنیەت لەعیراقدا وەلام بداتەوە؟ هاوکات لەگەل دەستبردن بۆ پیکهینانی ئەم حکومەتە شەپۆلیك لەتیرۆریزم ژیانی شارەکانی عیراقی گرتۆتەوە و پریشکی خۆی کیشاوەتە کوردستانیشەوە، لەکاتیکدا بارودۆخەکان ئارامتر لەشارەکانی کوردستان خۆیان دەنوینن.. توندبوونەوەی ئەم شەپۆلە لەتیرۆریزم بۆچ دەگەریتەوە؟ ئایا بە بەشداری "تاقمە سونی‌یەکان و کورسی پیدان لەحکومەتکەی تالەبانی و جەعفەریدا دەتوانی بارودۆخەکان بەرەو ئارامی بەریت؟ ئایا رووداوە تیرۆریستی‌یەکەی ئەم دوایانەی شاری هەولیر پەیامیکی تایبەتی دەدات بە دەسەلاتدارانی کوردستان؟ لەجەرگەی ئەم بارودۆخانەدا سەردانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆندەلیزارایس بۆ عیراق و دیدار لەگەل مسعود بارزانی و جەعفەری و کاربەدەستانی حکومەتی تازە پیکهاتووی عیراق و رینمایی‌یەکانی ئەو لەراستای ئارامکردنەوەی ناکۆکی‌یە دەروونی‌یەکانی نیوحکومەتی جەعفەری و مەسەلەی دانانی دەستوری عیراق و ئیمتیازدان بە دەستەوتاقمی "سوننی" بۆبەشداری لەدەولەت و دانانی دەستوری ولاتدا.. ئەمانە چەندە دەتوانی هیزەکان پیکەوە گری بداو مەبەست و نیازەکانی ئەمریکا مسۆگەرکات؟

لەلایەکی‌ترەوە سەرهەلدانەوەی ناکوکی‌یەکانی نیوان یەکیتی وپارتی و رینەکەوتن لەسەر دابەشکردنی دەسەلات بەسەر خویاندا هەم دلەراوکی‌یەکی گەورەی لەنیوخەلکدا پیکهیناوە و هەم فاکتۆریکی تری بۆ ناپایەداری و قەلشتەکانی حکومەتی کاتی ئیستای عیراق زیادکردووە و گشت هاوکیشە سیاسی‌یەکانی ئیستای عیراقی لەبەردەم لەبەریەکترازاندن داناوە... ئەم ناکۆکیانەی نیوان پارتی ویەکیتی لەسەر چین؟ تاچەند پەیوەندی‌بە بارودۆخەکانی دەسەلات لەئاستی سەراسەریدا هەیە؟ خەلکی کوردستان دەبی چی‌بکەن بۆئەوەی ریگەنەدەن بەلایەکی تر یەخەیان پی‌بگری؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری تر.. ئیمە هەولدەدەین لەدوتوی ئەم وتوویژەدا لەگەل هاوری ریبوار ئەحمەد وەلامەکانی بدەینەوە و لیکدانەوە و هەلویستەکانی حیزبی ۆکۆمنیستی کریکاری عیراقی لەسەر بەیانبکەین ..

خەسرەو سایە: سەرەتا هاوری ریبوار ئەگەر ریم پیبدەن لە خودی حکومەتی کاتی ئیستای تالەبانی و جەعفەرییەوە پرسیارەکانم دەست پیبکەم، بەتایبەتی کە پلینۆمی 16 لەم بارەوە بەلگەنامەیەکی پەسەندکردووە و لەم ماوانەدا لە کەنالەکانی راگەیاندنی حیزبەوە بلاوکراوەتەوە.. پرسیارەکەشم ئەوەیە کە هەلویستی حیزب لەسەر ئەم حکومەتە چی‌یەو بناغەکانی دەباتەوە سەرچی؟

رێبوار ئەحمەد: ئەم حکومەتە بەرئەنجامی جەنگی ئەمریکاو داگیرکردنی عیراقە. بە پیچەوانەی هەموو ئەو پروپاگەندانەوە کە لەلایەن ئەمریکاو دەستو پیوەندەکانیەوە دەکریت، نە تۆزقالیك دەخالەتی ئیرادەی خەلك لە دامەزرانیدا دەوری گیراوەو نە بەناو خەباتی دەیان سالەی ئەو هیزانەو نە هیچ بنەمایەکی دیموکراسی هەیە. بەلکو راستەوخۆ لەسەر بناغەی تیکشکاندن و پەراویزخستنی ئیرادەی خەلك دامەزراوە. لە پیشدا سێ گۆشەی ئەمریکاو ناسیونالیزمو ئیسلام بە جەنگو ملهوریو بەرپاکردنی سیناریۆی رەش خۆیان بەسەر کۆمەلگادا داسەپاند، پاشان لە ژیرناوی هەلبژاردندا، لە نیو فەزای نا ئەمنی‌و تیرۆریزمو میلیتاریزمدا سیناریۆی وەرگرتنی پەنجە مۆری خەلکیان بە ناو هەلبژاردنەوە بەریوەبرد. بۆ ئەم مەبەستەش هەرەشەی نان برینو بیکاریو تەنانەت چاوسورکردنەوەیان بەسەر سەری خەلکەوە راگرت، لەمەش زیاتر ئاخوندو مەرجەعەکانی ئیسلام دانی ئەم پەنجە مۆرەیان کرد بە واجبیکی دینی‌و بە ئاگری جەهەنم هەرەشەیان لەو کەسانە کرد کە بەشداری ئەم گالتەجاریە نەکەن، ناسیونالیستە کوردەکانیش راشکاوانە بە خەلکیان ووت کە ئیوە هیچ چارەیەکتان نیە یان دەبێ دەنگ بە ئیمە بدەن کە چەند سالە یاری بە ژیانو چارەنوستان دەکەینو زەجرتان پی دەدەین، یان دەبێ

چاوەروانی خراپتر بکەن لە بالادەستی زۆرتری هیزە ئیسلامیە شیعەکان. هیچ ریگاچارەیەکی سێیەمو هیچ بواریك بۆ ئیرادەی راستەوخۆی خەلك نەهیلرایەوە. جەنگو داگیرکاریو ئەم سیناریۆ کارەساتبارە نەبوایە هیچ کات تالەبانیو جەعفەری بە توانای خۆیانو بزووتنەوەکانیان نەیاندەتوانی خەو بە سەرۆك کۆماریو سەرۆکی حکومەتەوە ببینن. هەر ئەمەش مەبەستی ئەوان بوو لە لایەنگریو پشتیوانی لە حصارو جەنگو داگیرکاریو داروخاندنی کۆمەلگای عیراقو سیاسەتەکانی ئەمریکادا.

لە هەمانکاتدا بناغەی ئەم حکومەتە لەسەر پیناسەکردنی عیراق بە وولاتی قەومو تائیفەو عەشیرەتەکانو دەستەبەندی کردنی هاولاتیان بەسەر ئەم ناسنامە ساختەو پوچانەدا دامەزراوە. ئەمریکاو هیزەکانی دامەزرینەری ئەم حکومەتە ئەو پیناسەو ناسنامانەیان بە زۆر بەسەر کۆمەلگادا داسەپاندن، بۆ ئەوەی لەسەر ئەم بناغەیە هەر تاقمە خۆی بکات بە نوینەری تائیفەو قەومو عەشیرەیەكو بەم پیەش دەسەلات لە نیوان خۆیاندا دابەش بکەن. بۆیە هیچ کات وەکو ئیستا کۆمەلگا بەدەست قلشتو ناکۆکیو کینەی قەومیو تائیفیەوە گرفتار نەبووە.

سەرئەنجام ئەم حکومەتە بەرهەمی هاوکیشەیەکی سیاسیە کە بەهۆی بوونی هیزەکانی ئەمریکاوە شکلی گرتووە. هیزەکانی پیکهینەری ئەم حکومەتە هیچ رادەیەك لە ئینسجامو یەکدەستیان نیە لەسەر ئەو حکومەتەی کە دروستیان کردوە، بەلکو لەسەر وردو درشتی مەسەلەکانی نیوانیان کیشەو ناکۆکی توندیان هەیە، گەورەترین شەرو کوشتار لە نیوانیاندا خۆی حەشارداوەو هەموو ساتیك ئیحتمالی تەقینەوەی هەیە. خودی ئەوەی کە زیاتر لە دوو مانگ بینەوبردە ئینجا توانیان بە روالەت حکومەتیکی معەوەقی بێ ناوەرۆك رابگەیەنن، ئاشکراترین بەلگەی ناکۆکیە قولەکانیانە. حکومەتیك کە لە ناوچەی دەسەلاتو قەلەمرەوی هیچ میلیشیایەکدا قاچی مریشکیکی پی نابەستریتەوە، حکومەتیك کە سەرەك وەزیرانەکەی تەنانەت پرسو راش بە سەرۆك کۆمارەکەی ناکاتو هەر وەزیرەی بە پێی سیاسەتو تەوجیهاتی رەئیسی حیزبەکەی دەجولیتەوەو گوی لە سەرەك وەزیرانی ناگریت، نەك ئایندەی نیە بەلکو هەر ئەمرۆشی نیەو لە واقعدا حکومەت نیە. هەر لە ئیستاوە شەپۆلی پەشیمانی لە نیو ئەو خەلکەدا بەریکەوتوە کە فریویان خواردو بەشداریان لە گالتەجاری بەلی ووتن بۆ ئەم سەرەك قەومو عەشیرەو تائیفانە کرد.

بەلام مەسەلەی کارەساتبار لیرەدا ئەوەیە کە ئەم وشکەکەڵەکە لەسەر بورکانیکی خەتەرناك دانراوە، هەرکات بتەقیتەوە ئەم کۆمەلگایە شەلالی خوین دەکات، ئەو هاولاتیانەی سالەهایە دۆستو دراوسێو هاوکاری یەکن، بە دەستی یەکتر بە کوشتیان دەدەن. بە ناوی بەرژەوەندی قەومو تائیفەو عەشیرەتەوە، لەسەر خاكو خۆلیك کە بۆ زۆربەیان جیگای سەرپەنایەکی تیانەبوەتەوە، ژیانیان لی دەکەن بە کارەسات، سکی یەکیان پی هەلدەدرنو مندالی یەکیان پی سەردەبرن. ئەم جەنگە هەر ئیستا دەستی پی کردوە، لە مەدائنو قائمو گەرەکەکانی بغدادو کرکوك موصلو حویجە تا ئیستا لاشەی لە خوین هەلکیشراوی سەدان کەس دوزراوەتەوە کە کەس نازانی بۆچی بەو دەردە براونو خزمەت بە کام بەرژەوەندی چ بەشیك لە هاولاتیان دەکەن؟ ئەمە سەرەتاکانی هەرەشەیەکی ترسناکە لەسەر کۆمەلگا. پیکهاتنی حکومەتی تالەبانی جەعفەری ئەلقەیەکی دیکەبوو لە قولکردنەوەی ئەم سیناریۆ رەشە، دروست هەر بەوجۆرەی کە ئیمە پیشبینیمان کرد.

لەسەر بناغەی ئەوانەی باسکران، ئەم حکومەتە بەشیکە لەو هەموو دامەزراوو نەخشەو پیلانانەی کە لە پەیوەند بە داگیرکردنی عیراقو بە مەبەستی کۆنترۆلی عیراق لەلایەن ئەمریکاوە پیکهینراون، بۆیە دەبێ هاوکات لەگەل کردنەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکاو هەلوەشانەوەی دامەزراوەو بریارو پەیماننامەکانی سەردەمی داگیرکاریەوە، ئەم حکومەتەش هەلوەشیتەوە. دەبێ سیستەمی حوکمرانی ئایندەی عیراق لەفەزایەکی گونجاودا بە شیوەیەکی ئازادانەو هوشیارانە لەلایەن جەماوەری خەلکەوە بریاری لیبدریت.

خەسرەو سایە: دوبارەکردنەوەی سوێندخواردنی سەروك وەزیران و وەزیرەکان، دەستکیشانەوەی وەزیری مافی مرۆڤ، تا دەگات بەخودی درەنگ پیکهاتنی ئەم حکومەتە و خاڵی مانەوەی بەشیك لە پۆستەکانی.. هەموو ئەمانە ئاماژە بۆ ناکۆکیە دەرونییەکانی ئەم حکومەتە دەکەن، بەرای ئیوە ئەو ناکۆکیانەچین کەئەم حکومەتەی لەسەر راوەستاوەو هەرەشەی هەلوەشانەوەی لیدەکەن؟ وەئایا ئەم حکومەتە بەم حالەیەوە دەتوانی وەلام بە ئەمنیەت و ئارامکردنەوەی کۆمەلگا بداتەوە هەروەك جەعفەری لەکاتی سویندخوردنیدا بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران بەلینیداوە؟

رێبوار ئەحمەد: ئەمانە وەکو نوینەری کۆمەلیك قەومو عەشیرەو تائیفە پیناسەو جیگاوریگای هەرکامیان لە بەرامبەر ئەوانی دیکەو لە کیشمەکیش لەگەل یەکتریدا مانا پەیدا دەکەن، هەر دەسکەوتو ئیمتیازیك بۆ لایەکیان لەسەر حسابی کەمبونەوەی دەسکەوتو ئیمتیازی ئەوانی دیکە تەواو دەبیت. بۆیە کیشەو بینەوبردەی قولیان لەسەر هەموو شتیك هەیە جگە لە بەرژەوەندیو مافەکانی خەلك نەبیت. کیشەیانە لەسەر بەشە دەسەلات، لەسەر ئۆرگانەکانی دەسەلات، لەسەر داهاتی تالانکراوی وولات، لەسەر قەلەمرەوەکانی دەسەلاتی هەر کامیان... هەموو ئەلقەکانی ئەو سیناریۆیەی کە زیاتر لە دوو سالە دەستی پێکردوە، بە "هەلبژاردن" و ئەم حکومەتەشەوە، مەیدانەکانی کیشەی ئەم هیزانەن لەسەر دەورو بەشی خۆیان لە دەسەلات. لەسەر پیناسەی حکومەتەکەیان کیشەیان هەیە، ناوەرۆکی کیشەکەش ئەوەیە کە هەر لایە دەیەوێ بە جۆریك پیناسە بکریت کە بەشی خۆی بسەلمینێ، بۆ نمونە لەسەر ئەوەی کە هەزار وەصفی وەکو دیموکراسیو تعددیو پەرلەمانیو ... بۆ دەولەت بکریت یان نەکریت، کە گوایە بە روالەت ئەمانە فاکتۆری زۆر گرنگن لە پیناسە کردنی دەولەتدا، هیچ

لایەکیان کیشەیان نابیتو بە سادەیی لەسەری ریکن، چونکە هیچ مانایەکی عەمەلیو واقعی نیە نە بۆ دەوردان بە خەلكو نە بۆ کەمو زیادکردنی بەشی هیچ لایەکیان لە دەسەلاتدا، بەلام لەسەر دەستەواژەی "فیدرالیزم" گەورەترین کیەشەیان هەیە چونکە ناوی رەمزیکە بۆ داننان بە بەشە دەسەلاتی ناسیونالستە کوردەکان. لە سەر قانونو دەستور هەرگیز کیشەیان لەسەر چۆنیەتی دیاری کردنی هیچ مافیکی سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابوری هاولاتیان نابیت، بەلام گومان لەوە نیە کە گەورەترین کیشەیان لەسەر ئەو بەندانە دەبیت کە کۆلەکەکانی جیگاو شوینی هەرلایەکیان لە دەسەلات پیکدەهینێ. ئیسلامیەکان پیداگری توند دەکەن لەسەر ئەوەی کە دینی ئیسلام بکریتە بنەماو سەرچاوەی دەستورو یاسا، ئەوانی دیکە نەك لە روانگەی سکولاریزمو بەرگرتن لە وردوخاش بوونی ئیرادەو مافەکانی هاولاتیانەوە، بەلکو لەو روانگەیەوە کە بەر بە بالادەستی ئیسلامیەکان بەسەر خۆیاندا بگرن، یان بۆ ئەوەی ئیمتیازیك لەوان وەرگرن، بینەوبردەیەك لەسەر ئەمە دەکەن.

بە هەرحال مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە هیشتا دەسەلات لە عیراقدا نەبراوەتەوە، پەردەکانی شەروکیشە لەسەر دەسەلات بەردەوامە، هیچ یەك لەو پەردانە بۆ ئەو مەبەستە نیە کە ناویان ناوە، نە قانونی ئیدارەی عیراق بۆ ئیدارەی کاتی عیراق بوو، نە "هەلبژاردن" بۆ هەلبژاردن بوو، نە  حکومەت بۆ حکومەت کردنەو نە باسی دارشتنی دەستور بۆ دارشتنی دەستورە... بەلکو هەموو ئەمانە پەردەی یەك لە دوای یەکی کیشەو شەرە لەسەر پیناسەکردنی دەورو جیگاوریگای هیزەکان. بە بروای من شەری تائیفیو شەری قەومی کە ئەم هیزانە ئاگرەکەیان خۆشکردوەو خۆیان لەسەرەوە بەریوەی دەبەن، هەموو ساتیك ئیحتمالی گلپە سەندنی هەیە، ئەمەش نەك هەر تۆزی حکومەتیان دەبات بە ئاسماندا بەلکو خەتەریکی زۆر گەورەیە لەسەر کۆمەلگاش. هەروەها وەکو ووتم ئەم حکومەتە پشتی بە هیچ پیکهاتنو هیزهاوسەنگیەکی واقعی نیوان ئەم هیزانە نەبەستوە، بەلکو لەسەر بنەمای هاوکیشەیەو هاوسەنگیەك پیکهاتوە کە بە بوونی هیزەکانی ئەمریکا لە عیراق شکلی گرتوە، هەر ئالوگۆریك لەم هیزهاوسەنگیە، نەك ئاسەواری ئەم حکومەتە ناهیلیتەوە بەلکو لایەنەکانی دەکەونە راوراوینی یەکتری.

باسی سویند خواردنو پروپاگەندەو بەلیندان بۆ دابینکردنی ئەمنیەت، لە پوچ پوچترە. کی بایەخ بۆ سویندو بەلینی ئەوان دادەنیت تا بە جدیان بگریت. هەر ئەو رۆژەی کە لە هەموو رۆژیك زیاتر کارەساتی تەقینەوە بغدادی داگرت، هەر لەو رۆژگارەدا کە هەموو سەرانی حکومەتەکەی تالەبانیو جعفری ناچاربوون بۆ خۆشاردنەوە بە تاکسی هاتو چۆ بکەن، لە کەنالەکانی راگەیاندنیانەوە ووتیان "حکومەت لە دوا سەنگەرەکانیاندا تیرۆریستان راودەنیت"، ئەمە گالتەجاری ترە لەوەی کە مەلای دیهاتیش بایەخیك بۆ ئەم قسەو سویند خواردنانە دابنیت. مەگەر ئەوەی کە چۆن ئیستا لە کۆبونەوەکانی پەرلەمانەکەیاندا ئەم وەزعە کارەساتبارە بە رۆژی هاتنەدی ئامانجەکانی خەلك دەناسینو ستایشی دەکەنو دەلین "دەسکەوتی گەورەو رەحمەتی خوداو بەرهەمی خوینی شەهیدان"، سبەینیش جەنابی جەعفەری بەو هەلومەرجەش دەلی ئەمینو ئارام کە سەری بی گیانی هاولاتیان لە ناو شەقامی شارەکاندا دەدۆزریتەوە. ئەوان تا ئیستا ئەمنیەتی خۆیانو کۆبونەوەکانی خۆیانیان پی دابین ناکریت، ئەمنیەتی خەلكو کۆمەلگا، کە هەر لە بەرنامەشیاندا نیە، کەی بەوان دابین دەکریت؟ سوێند خواردنەکانیانو دوپاتکردنەوەکەی تەنها یەك شتی نیشاندا، ئەویش ئەو راستیەیە کە ئەمانە لە پال پیکهاتنو شەرو کیشەکانیانەوە خەریکی کەلەكو کولەکن لەگەل یەکتری، لە هەرکوێ بۆیان بکریت برگەیەك لەو بەلینانە دەقرتینن کە بە یەکیانداوە.

خەسرەو سایە: لایەنکیی تری بارودۆخی ئیستای عیراق تیرۆریزم و پەلاماردانە تیرۆریستیەکانە لەلایەن دەستەو تاقمی ئیسلامی سیاسیيەوە. بەتایبەتیش کەبەم دواییانە پریشکی خۆی کیشایە شارەکانی کوردستانیشەوە.. بەرای ئیوە توندبوونەوەی ئەم هەولە تیرۆریستیيانە ئاکامی چین و چۆن لەگەل سیاسەتی ئەم دەورەیەی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی لە عیراقدا هەلیدەسەنگینن؟

رێبوار ئەحمەد: تیرۆریزم سوننەتو شیوازیکی سەرەکی ئیسلامی سیاسیە بۆ کیشمەکیش لەگەل نەیارانیدا، بۆ سەپاندنی ئامانجەکانی، بۆ گۆرینی هاوسەنگی هیز بە قازانجی خۆیو بۆ بردنەپیشی شەر لەسەر قودرەتی سیاسی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەمە مەسەلەکە زۆر سادەو رۆشنە، لە بەرامبەر ئەوەی کە ئەمریکا باسی چونەپیشەوەو سەرکەوتنی خۆی دەکات لە "جەنگی دژی تیرۆیزمدا" هەروەها لەبەرامبەر ئەوەی کە گشت جەبهەی پرۆ ئەمریکایی لە عیراقدا باسی چونەپیشەوەی خۆیان دەکەن لە بیناکردنەوەی دەولەتو دامو دەزگاکانیدا، باسی سەکەوتنو پیشرەوی خۆیان دەکەن لە لیدانی تیرۆریستانداو سویند بەوە دەخۆن کە ریشەکیشیان دەکەن، لە بەرامبەردا تیرۆیزمی ئیسلامیش دروست لەوکاتانەدا هیرشەکانی توندترو چرتر دەکاتەوە، هەم بۆ ئەوەی وەلامی پروپاگەندەکانی ئەوان بداتەوەو هەم بۆ ئەوەی هەنگاوو پرۆژەکانیان دوچاری ناکامی بکات. ئەمە سیاسەتیکە کە تیرۆریزمی ئیسلامی لە ئیستادا پیادەی دەکات، واتە بەرپەرچدانەوەی هەنگاوو پرۆژەو پروپاگەندەکانی ئەمریکاو هاوکارانی بە چرکردنەوەی کردەوەی تیرۆریستی. لەم بارەیەشەوە بە زۆر بەلگە بۆیان گرنگە کە دەستیان بگەیەنن بە کوردستان.

بەلام چەندین فاکتەر دەوری گیراوە لە زەمینە خۆشکردن بۆ پەرەسەندنی تیرۆریزمی ئیسلامی. لە پیش هەموو شتیکدا پیکهاتنی حکومەتی تالەبانی جعفری ئەم دەورەی گیراوە. وەکو پیشتر ووتمان ئەم حکومەتە لەسەر بورکانی کیشەو شەری قەومیو تائیفی دانراوە.

خەلكی عیراق ئەو راستیە دەزانن كە جلال تالەبانی نەك وەكو هاولاتیەكی عیراقیو لە ئەنجامی پرۆسەیەكی دیموكراسیدا كە خۆیان ئیدعای دەكەن، بەلكو وەكو نوینەری ناسیونالیزمی كورد لە ئەنجامی داگیركاری عیراقو خۆشخزمەتیەیان بە سیاسەتەكانی ئەمریكا، وە بە مانایەكی تر لە ئەنجامی ئەو بیدەرەتانیەی بەسەر خەلكی عیراقدا هینرا، گەیشتوەتە ئەو جیگایە، ئەمەش هاوكات لەگەل ئەوەی دەكەویتە ناكۆكیەكی توندەوە لەگەل خواستو ویستو مەیلی جەماوەری خەلكی عیراقدا، زەمینە دەدات بە ناسیونالیزمی عەرەب بۆ هەلخراندنی هیز لە بەرامبەریدا. بە هەمان شیوە چاو لە جیگاو شوینی جعفری دەكریت وەكو نوینەری شیعەو زەمینە دەدات بە ئیسلامی سونە بۆ هیز هەلخراندن لە بەرامبەریدا. هەروەها مەسەلەیەكی دیكە ئەوەیە كە تیرۆریستانی ئیسلامیو كۆنە بەعسییەكان بەفراوانی نفوزیان كردووە بۆ ناو هەموو ئاستەكانی دامودەزگا حكومییەكان، بۆیە هاوكاریەكی فراوان دەكرین لەلایەن دامو دەزگاكانی خودی حكومەتی تالەبانیو جعفریەوە. بە تایبەت لایەنەكانی ناو ئەم حكومەتە لەسەر بەشی زیاتریان لە ناو پۆلیسو سوپاو دامو دەزگاكاندا پیشبركێ لەسەر زیادكردنی نفوزی خۆیان دەكەن تەنانەت لە راكیشانی كۆنە بەعسیەكانیشدا. ئەو بەعسیانەی كە بریاربوو ریشەكیشیان بكەن، ئیستا شەرە لەسەر راكیشانیان. بۆ نمونە یەكیتی نیشتمانی ئامادە نیە 100 دۆلار بدات بە كریكار یان كارمەندیكی بازنشتە كە زیاتر لە 30 سال خزمەتی هەیە، بەلام كەسانیكی بە پلەی وەزیرو بە بری چەند هەزار دۆلاری مانگانە بازنشتە كردوە كە دەیان سالە خزمەت بە بەعس دەكاتو جگە لەمە هیچ كاریكی نەبووە. پۆلیس لە ناو خەلكدا وەكو دەزگایەك باسی لیوە دەكریت كە دوو شەفت كار دەكات، شەفتیك بۆ حكومەتو شەفتیكیش بۆ زەرقاویو تاقمەكانی، تا ئیستا بەشیكی بەرچاو لەو كارە تیرۆریستیانەی كراون بە هاوكاریو بەشداری راستەوخۆی پۆلیس كراون، كارەساتی ئەم دواییەی هەولیر بەلگەیەكی ئاشكرای ئەمەیە. سەرئەنجام پەرەسەندنی قەومیگەریو تائیفەچیتی بواری زۆرتری بۆ پەرەسەندنی تیرۆریزمی ئیسلامی كردوەتەوە.

خەسرەو سایە: بەشیك لە لیكۆلەوەر و سیاسەتمەدارەكانی رۆژئاوا وای بلاودەكەنەوە كەئەم پەلاماردانی تیرۆریستیەیانە هەولیكی تاكتیكی و دەورەییە بۆ بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی لەعیراق تا هیزەكانی بالی"سونی مەزهەب" كەلەهەلبژاردنەكاندا دواكەوتن ببەنە نیو دەسەلاتەوە و بەئیمتیازپیدانیان لەحكومەتی ئیستاو لیژنەی ئامادەكاری دەستوری عیراقدا دەست لەم كردەوانەیان هەلدەگرن.. رای ئیوە لەسەر ئەمەچیە؟

ریبوار ئەحمەد: ئەگەر مەسەلەكە بەم سادەییە چارەسەربكرایە خودی ئەمریكا هیچ كیشەیەكی لەگەل ئەوە نیە كە بالی سوننی مەزهەبی ئیسلامی لە دەسەلاتی عیراقدا بەشی خۆی پی ببرێ، ئەگەر بكرایە ئەوان لە چوارچیوەی سیاسەتی ئەمریكادا قەراریان بگرتایە هەمیشەش لەلایەن ئەمریكاو هیزە هاوپەیمانە عیراقیەكانیەوە دەرگا بۆ ئەوان ئاوەلاكراوە. بەلام ئەبعادی كیشەكەیان لەوە فراوانترە، كیشەی ئەصلی لەسەر بەشە دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی بن لادنی لە چوارچیوەی عیراقدا نیە، بەلكو لە ئاستی گشت ناوچەكەدایە. بەلام بە كەلك وەرگرتن لە جەنگو داگیركاری عیراقیان كردوەتە مەیدانیكی گەرمو سەرەكی جەنگەكەیان. ئەم بەشە لە لیكۆلەرەوەو سیاسەتمەدارانی غەرب هەر لە سەرەتای ئەم جەنگە تیرۆریستیەوە هەمیشە لەم جۆرە لیكدانەوە روالەتیو ئیختیاریانەیان بووە، بەلام هەمیشەش رەوتی واقعی رووداوەكان پوچی لیكدانەوەكانیانی نیشانداوە. بە مانایەكی دیكە دەكری بلیم ئەوانە پروپاگەندەن نەك لیكدانەوە.

هەم واقعیەتەكانو هەم ئیعترافاتی گەورە بەرپرسانی ئەمریكا نیشانیدەدەن كە تازە خەریكە ئەم كیشمەكیشە ئەبعادی فراوانترو لە هەمانكاتدا كارەساتبارتر بە خۆوە دەگری. تیرۆریزم شیوەو سوننەتیكی پایەیی ئیسلامی سیاسیەو لەی جیانابیتەوەو هیچ كاتیش دەستی لی هەلناگرن، تیرۆریزمی ئەمریكاش بواری بۆ خۆشتر كردوە. تیرۆریزمی ئیسلامی ئەمجارە توانی لەبەرامبەر جەنگو تیرۆریزمی ئەمریكادا گیانیكی تازە بەبەردا بكاتەوەو هیزو توانایییەكی گەورەتر بۆ خۆی كۆبكاتەوە. بە بروای من بەبێ كردنەدەرەوەی هیزەكانی ئەمریكا ئیمكانی دەسكۆتاكردنی تیرۆریزمی ئیسلامی نیە. هەردووك ئەم كارانەش كاری بەرەی ئازادیو سكولاریزمو بەرەی چەپو بەشەریەتی موتەمەدنە نەك هیچ هیزیكی دیكە. ئەوەی كە دەلین دەكریت بە ئیمتیازپیدانی ئیسلامی سونە بەربە تیرۆریزمی ئیسلامی بگیریت، هەتا بلیی پوچە، بە پیچەوانەوە ئەو ئیمتیازە بەكاردەهینن بۆ كۆمەك كردن بە پەرەپیدانی كارە تیرۆریستیەكانیان. بە سازش لەگەل تیرۆریزمی ئیسلامی ناكریت بەر بەم تیرۆریزمە بگیریت، ئەمە راستیەكە كە زانینی حیكمەتیكی زۆری ناوێ.

خەسرەو سایە: هەروەك پیشتر ئاماژەم پیدا كە پریشكی تیرۆریزم شارەكانی كوردستانی گرتۆتەوە، بەتایبەتی رووداوە خویناوییەكەی 5/5ی شاری هەولیر كە بووە جیگای نەفرەت و بیزاری یەكپارچەی كۆمەلگاو ئەم رووداوەش لەچاو وەزعی ئارامی كوردستاندا بیبەلگەی سیاسی نیە و حالەتیكی تایبەتیتر لە شەپۆلە تیرۆریستیەكان نیشان دەدات.. بەرای ئیوە ئەم رووداوە بەتایبەتی و رووهینانی پەلامارە تیرۆریستیەكان بۆ كوردستان، دەكری بەئاكامیك لەهەلویست و سیاسەتەكانی ئەحزابی ناسیونالیزمی كورد بزانری؟ ئیوە ئەم رووداوە چۆن دەخویننەوە؟

ڕێبوار ئەحمەد: لە ڕاستیدا من لەم هەلومەرجەی کە لە عیراقدا خولقاوە ئەم ڕووداوە بە شتێکی سەیرو چاوەڕوان نەکراو نابینم. ئەمە یەکەم کاری تیرۆریستی و کارەساتبار نیە کە لە کوردستاندا هەر لەم دوو ساڵەدا ڕوویدابێت. بەڵگەش بۆ ئەمە زۆرە. حیزبی ئێمەو خودی خۆم پێش دەسپێکردنی جەنگی ئەمریکا هوشداریماندا و ووتمان دوو حیزبی حاکمی ناسیونالیزمی کورد خەریکن کوردستان دەتلێیننە ناو جەنگێکی تیرۆریستیەوەو دەیکەنە مەیدانێکی جەنگ. بەڵام ئەوان ئەوەندە سەرمەست بوون گوێیان بەم هوشداریانە نەدەداو بە هەردوو قاچ خۆیان فڕیدایە جەنگەکەوە لە پێناو مەرامە کۆنەپەرستانەکانی خۆیانداو بەم جۆرەش کۆمەڵگای کوردستانیان تلانە نێو ئەم ئاشوبەوە. دوو حیزبی ناسیونالیستی کورد هاوکاری ڕاستەوخۆی شەری ئەمریکا بوون، لە داروخاندنی کۆمەڵگای عیراق و تێکدانی شیرازەی ژیانی مەدەنی خەڵکی عیراقدا بە هەموو توانا بەشداریان کرد. لە هەموو هەنگاوو پرۆژە یەك لە دوای یەکەکانی ئەمریکادا بەشداریان کردوە، وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆماری عیراق لەلایەن جەلال تاڵەبانیەوە لە ئاخرین پەرەدەی سیناریۆکانی عیراقدا کە بوە مادەی ئاکسیونێکی سیاسی گەورە بۆ ناسیونالیزمی کورد، زیاتر تیرۆریزمی ئیسلامی بۆ پەرەپێدانی کردەوەکانی لە کوردستان بزواندوە.

هەڵبەت ئەوان هەمیشە هەوڵیان بۆ ئەمە داوە بەڵام بە هۆی فراوانی و ڕێکخراویی و ئامادەیی زیاتری دەزگا ئەمنی و هێزە چەکداریەکانی دوو حیزبی حاکمەوە لە چاو ناوچەکانی دیکەی عیراق، هەروەها بە هۆی لاوازی نفوزی ئیسلامی سیاسی بە تایبەتی خەتی بن لادنی لە کوردستانداو بێزاری توندی خەلك لێیان، ئەوان لە هەوڵەکانیاندا سەرکەوتنێکی ئەتۆیان بەدەست نەهێناوە، بەڵام تەنانەت ئەگەر بە پێوانەی ڕاگەیاندنی ڕەسمی دوو حیزبی حاکم بێت سەبارەت بە ناکام کردنەوەی هەوڵەکانی تیرۆریزمی ئیسلامی و دەستگیرکردنیان، تا ئێستا کەم نەبووە. بە بڕوای من ئەوان بە زۆر بەڵگە بە گەرمی لە سەنگەردان بۆ پەرەپێدانی کردەوە تیرۆریستیەکانیان لە کوردستاندا، بەردەوامیش فاکتۆری هاندەری تازەی بۆ زیاد بووە وەکو لە پێشەوە باسم کرد. بەڵام خالیکی لاوازی ئەوان لە کوردستاندا نەبوونی نفوزو نفرەتی گەورەی خەلکە لێیان، هاوکات خاڵی لاوازی سەرەکیش بۆ بەرپەرچداوەیان بەگەرنەکەوتنی ئیرادەی سەربەخۆی خەلك و بێ مەیلی خەلکە لە هاوکاری کردنی ئەو دەزگا ئەمنیانەی کە هەیە، چونکە ئەو دەزگایانە هاوکات لەگەڵ لێدانی تیرۆریزم خەلك سەرکوت دەکەن و دەسەلاتی میلیشیایی تالانچی ئەو دوو حیزبەیان بەسەر خەلکەوە ڕاگرتووە. خەلك وەکو بەشێك لە خۆیان و وەکو دەزگای خۆیان و ئامرازی دەستی خۆیان چاویان لێ ناکەن بۆیە مەیلێکی ئەوتۆیان نیە بۆ هاوکاری کردنیان.

خەسرەو سایە: بەگشتی تەرح و ڕێگاچارەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق بۆ بەرگرتن بەتیرۆرو تیرۆریزمی ئیسلامی هەم لەکوردستان وهەم لەعیراقداچیە ودەبی خەلك چیبکات بۆئەوەی ئەم خەتەرە لەسەر ژیانی خۆیان هەلگرن؟

ڕێبوار ئەحمەد: بە بڕوای ئێمە کۆتاپهێنان بە تیرۆریزم پرۆژەیەکە هاوکات بۆ دەسکۆتاکردنی هەردوو جەمسەرە تیرۆریستیەکە، واتە هەم ئەمریکاو هەم ئیسلامی سیاسی. جەنگی بەرەی ئازادی و سکولاریزم لەگەڵ تیرۆریزم جەنگێکی دوو سەرەیەو دەبێ هاوکات لە دوو مەیداندا بڕواتە پێشەوە، بە فەرامۆش کردنی ئەم ڕاستیە ناکرێ لە هیچ یەك لەو دوو مەیدانە سەرکەوتن بە دەست بێت. چونکە هەر یەك لەوانە بەهانەی بوونی ئەوی تریانە، سیاسەت و کارکردی تیرۆریستی هەر کامیان پاساوی سیاسەت و کردەوەی تیرۆریستی ئەوی تریانە. تەنانەت ئەگەر گریمان لایەك لەم دوو جەمسەرەش شکست بخوات کۆمەلگا ئەسیری ئەوی دیکەیان دەبێت.

لە هەمان کاتدا ڕێگاچارەی کۆتایهێنان بە تیرۆریزم تەنها سەربازی نیە، بەڵکو ڕێگاچارەیەکی سیاسی- سەربازیە. بەبێ لێدان لە زەمینە سیاسیەکانی تیرۆریزمی ئیسلامی ناکرێ تەنها بە زەبری چەك شکستی پێبدرێت. ئەوەی کە ئەمریکاو دەست و پێوەندەکانی لە عیراقدا تا ئێستا نەیانتوانیوە یەك هەنگاویش پێشرەوی بکەن هۆی ئەوە نیە کە هێزو ئیمگانیەتی سەربازیان کەم و لاوازە، بەڵکو ئەوەیە کە ئەوان سیاسەت و تەرحی ناکام کردنەوەی تیرۆریزمی ئیسلامیان نیە. ئەوان بە سیاسەتەکەیان تیرۆریزمی ئیسلامی بە هێزو مەیداندار دەکەن و بەهێزی سەربازیش لێی دەدەن، بۆیە ناگەن بە هیچ ئەنجامێك. تەرح و سیاسەتی ئێمە بۆ کۆتایهێنان بەتیرۆریزم تا ئەو جێگایەی بە عیراق دەگەرێتەوە بەرێخستنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری فراوان و سەرتاسەریە لە دەوری ڕابەری کۆنگرەی ئازادی عیراق و مەنشورەکەی بۆ کردنەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکاو هەڵوەشانەوەی سەرجەم دامەزراوەو یاساو بڕیارەکانی ئاکامی ئەم داگیرکاریە، لە هەمانکاتدا دەسکۆتاکردنی ئیسلامی سیاسی و سازدانەوەی ژیانی مەدەنی. بۆ ئەمەش لە هەوڵی ئەوەداین جگە لە سازدانی خەباتی جەماوەری خەلکی عیراق، بەرەیەکی جیهانی، بەرەی بەشەریەتی موتمەدن ڕێکخراو ساز دەدەین. تا ئەو جێگایەش کە بە کوردستان دەگەرێتەوە لە ئێستادا ڕێگاچارەی کارساز بۆ دروخستنەوەی لە خەتەری تیرۆریزم، دور خستنەوەیەتی لەو گێژاوە کارەستبارەی کە بەسەر عیراقدا هێنراوە، دورخستنەوەیەتی لە کینەو شەڕێکی قەومی و خوێناوی کە لە پاڵ ئەم هەڵومەرجەدا خۆی حەشارداوە، دورخستنەوەیەتی لە ئیلحاقی ئیجباری بە ناوەندەوە کە ئیسلامی سیاسی تیایدا باڵادەستی پەیداکردوەو لە سیناریۆی ڕەشدا نوقم بووە، ئەمەش لە ئێستادا لە گرەوی جیابونەوەو پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆی غەیرە قەومی و غەیرە دینیە، لە دوا لێکدانەوەشدا بەندە بە تاکخستنەوەو تێپەڕاندنی ناسیونالیزمی کوردو پلاتفۆرمەکەی کە بەگەرمی لە هەوڵی کیش کردنی کوردستاندایە بۆ ناو ئەو سیناریۆی تیرۆریزمە، لە پێناو بەشە دەسەلاتی خۆی. کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان پرۆژەی حیزبی ئێمەیە بۆ بەرێخستنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری گەورە لەم پێناوەدا.

خەسرەو سایە: لایەنیکی تری بارودۆخەکانی ئیستای عیراق وەزعی کوردستان بەگشتی و کیشەکانی نیوان یەکیتی وپارتیيە، بەتیابەتی بەدوای سەروك کۆمار بوونی تالەبانی وهاتنە پیشەوەی دانی سەرۆکایەتی بەمسعود بارزانی.. ئەم ناکوکی و بارگرژیانەی نیوان یەکیتی وپارتی و پەیوەندیان بە هاوکیشە سیاسیيەکان و ئەو ناکۆکیانەی کەباستانکرد لەپیەوەند بەحکومەتی ئیستای عیراقەوە دەبینن؟ ئایا ئایا یەکتی وپارتی لەفەزای دامەزارندنی حکومەتیکی مەرکەزیدا مل دەدەن بەیەخستنی دەسەلاتە محلیيەکاندا؟

ریبوار ئەحمەد: لە پیشدا دەبی بلیم کە کیشەی کۆمەلگای کوردستان لیکدابراوی دەسەلاتە محلیەکانی ئەم دوو حیزبە نیە، بەلکو خودی وجودی ئەو دوو دەسەلاتە محلیەو خودی دەسەلاتی ئەو دوو حیزبە گرفتیکی سەرەکی کۆمەلگای کوردستانە. ئەمانە سەردەمیك پیکەوە یەك حکومەتیان پیکهینابوو، بەلام ئەو محنەتانەی کە پیکەوە بەسەر خەلکیاندا هینا کەمتر نەبوو لەوەی لە دەورانی لیکترازانی دەسەلاتە هاوبەشەکەیاندا خولقاندیان. پلاتفۆرمی ئەم حیزبانە هەر ئەوەیە کە ئیستا هەرکامیان بە جیاجیا بەریوەی دەبەن، ئەگەر ئەم دوانەش تیکەل بەیەك بکرین هیچ مادەیەکی باشتر لە هیچ یەك لەوانەی ئیستای لی دەرناچیت. ئەمانە لە 14 سالی رابردوودا نیشانیاندا کە ناکۆکی توندیان لەگەل ئیرادەو دەخالەتی خەلك لە حاکمیەتو بەریوەبردنی وولات هەیە، ناکۆکی توندیان لەگەل ئازادیو سکولاریزمو مافە مەدەنیەکانی خەلك هەیە، ناکۆکی توندیان لەگەل ئازادی ژنانو مافەکانیان هەیە، ناکۆکی تونیدان لەگەل خواستو ئارەزوەکانی لاوان هەیە، ناکۆکی توندیان لەگەل خواستی خەلکی کوردستان بۆ ئایندەیەکی ئازادو شادو بەختەوەر هەیە. سوپای دەولەتانیان هینایە سەر کوردستان، دەستی تیرۆریستانیان راکیشاو پرچەکیان کرد، داهاتی کۆمەلگایان بە تالان بردو هەموویان کرد بە ناوی سەرانیانەوە، یاسای بەعسیان بەریوەبرد، سەرانیان بونە بەکریگراوی دەزگا جاسوسیەکانی بەعس...بۆیە یەکخستنی ئەم دوو ئیدارەیە بەم پلاتفۆرمو کارکردەیانەوە هیچ دەردیك دەرمان ناکات بۆ خەلك.

بەلام لە وەلامی پرسیارەکەی ئیوەدا کە ئایا بە لەبەرچاوگرتنی پیکهاتنی ئەم حکومەتە پر ناکۆکیەی عیراق، ئەم دوو حیزبە ملدەدەن بە یەکخستنی دوو ئیدارەکەیان؟ بە بروای من خودی کیشەو ناکۆکیە لە چارەنەهاتوەکانی نیوان یەکیتیو پارتی خۆی کەمتر نیە لە کیشەو ناکۆکیەکانی ئەو حکومەتەی لە مەرکەز راگەیەنراوە. بی گومان مەحال نیە کە ئەم دوو حیزبە لە هەلومەرجیکی تایبەتیدا بۆ دەورەیەکی کاتی لەسەر شتیکی لەم بابەتە پیك بین، بەلام نەك چارەسەرو تیپەراندنی کیشەو ناکۆکیەکانی نیوان خۆیان. ئەو ناکۆکیانە تاریخیو قولو لە چارەسەر نەهاتوون، بەلام پیکهاتن لەسەر پرۆژەیەکی تایبەت بۆ کورتماوە هەر لە بابەت ئەوەی بۆ سیناریۆی هەلبژاردن بویان، مەحال نیە. بە تایبەتیش فاکتۆی فشاری ئەمریکایان لەسەرەو لەو جیگایەی کە بزانن بەرژەوەندی هاوبەشو دوولایەنەی خۆیان نەك خەلك، پیویست دەکاتو دەبیتە مەسەلەیەکی بە ناچاری، دور نیە لەسەر مەسەلەیەکی لەم بابەتە پیکبین. بەلام ئەوە بە مەحال دەزانم کە ریککەوتینکیی وا بتوانێ پایەدارو لە کورتماوە زیاتر بیت، هەروەها لە حالەتیکی بەم جۆرەشدا کیشەو ناکۆکیان بە جێی خۆی هەر بەدەوام دەبیتو لە هەموو مەیدانی ترو لەسەر هەموو مەسەلەکانی تر وەکو خۆی دریژەی دەبیتو هەموو رۆژێکیش ئەگەری ئەوە هەیە بەهاتنەپێشەوەی مەسەلەیەکی تازە وەکو هەمیشە رێککەوتنەکانیان هەڵوەشێتەوەو جێگای خۆی بدات بە دەروەیەکی دیکە لە کێشمەکێش. بەم روونکردنەویەوە من پیم وایە یەکخستنەوە ئەم دوو ئیدارەیە بە تەواوی، گەلیك گیروگرفتی قولو کۆسپی گەورەی لە پیشەو کاریکی هەتا بلیی سەختە، ئیحتمالی گەورەتر ئەوەیە کە ئەگەر بتوانن لەسەر پرۆسەیەکی دریژماوەو هەندیك هەنگاوی دیاریکراوی فەوری پیکبینو ئەم دەورەیەی پی بگوزەرینن تا وەکو هەمیشە بزانن رەوتی ئالوگۆرەکان بەرەوکویان دەبات. ئەوە نزیك بە 4 مانگ بەسەر "هەلبژاردنە دیموکراسیەکەیاندا" تیپەردەبیت، تازە ئەوە بەدەستکەوتیکە گەورە دەزانن ئەگەر بتوانن بۆ یەکجار پەرلەمانەکەیان لە هۆلیکدا کۆبکەنەوە. بە بروای من هەر خودی ئەمە دەبێ دەرسیکی گەورەبیت بۆ ئەو خەلکەی کە دوای چەندین سال لە تەجروبە لەگەل ئەم حیزبانە ئەمجارەش بە پروپاگەندەو بەلینەکانی ئەوان فریویان خواردو پەنجە مۆری خۆیان بەواندا.

خەسرەو سایە: بەگشتی بارودۆخەکانی کوردستان و مەسەلەی دابەشکدرنی دەسەلات لەنیوان یەکتیو پارتیداو چارەسەری کیشەی کورد چۆن دەبینن، ئایا خواستی جیابوونەوەی کوردستا زەرورەتی خۆی لەدەست نادات؟

ریبوار ئەحمەد: من پیم وایە ئەم هەلومەرجەو ئەو ئیمتیازەی بە ناسیونالیزمی کورد براوەو پەردەکانی دواتر کیشەو ناکۆکی نیوان ئەم دوو حیزبە قولتر دەکاتەوە نەك بە پیچەوانەوە، کاندید کردنی تالەبانی لەلایەن بارزانیەوە بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار چەندە بۆ زەمانەت کردنی بەشی ناسیونالیزمی کورد بووبیت لەبەرامبەر ئیسلامی شیعەو ناسیونالیزمی عەرەبدا، دەتوانم بلیم لەوەش زیاتر بۆ مەبەستی کۆنترۆلکردنی کوردستان بوو لەلایەن پارتیو بەرزانیەوە. ئەو ئیمتیازەی پیدا بۆ ئەوەی لە بەرامبەردا ئیمتیازی بالادەستی خۆی بەسەر کوردستانی لی وەرگرێ. گەورەترین کیشمەکیش لە پشتی وردەکاری ئەم مەسەلەیەوە راوەستاوە. نە خودی جەلال تالەبانیو نە هیچ خەلکیکی سادە ناتوانی باوەر بکات کە بارزانی لە پیناو بە ووتەی خۆیان "بەرژەوەندی کورددا" ئامادەبوو ئەوەندە لە خۆبوردو بیت پۆستی سەرۆك کۆماری بخاتە باوەشی تالەبانیەوە، کیشمەکیشو بینەوبردەکانی ئەم ماوانەی دوای بوونی تالەبانی بەسەرەك کۆمارو بێ ئاکام مانەوەی چەندین جەولەی گفتوگۆی نیوانیان ئاشکراترین بەلگەیە بۆ شایەتی لەسەر ئەم راستیە. بۆیە ئەگەر گریمان دەسەلاتی کوردستان بۆ دریژماوە بە دەست ئەم دوو حیزبەوە بمینێ، ئەوە ئەم کیشمەکیشە شیوەی دابەشکردنی دەبریتەوە. بەلگەکانی تا ئیستا وای نیشاندەدات، کە پۆستی سەرۆك کۆماری مەیدانی ئاکسیونیکی سیاسی گەورەی بەخشی بە یەکیتیو تالەبانی، بەلام ئیتر هەرئەوەندەو تەواو بوو، لیرە بەدوا ئەم پۆستە بۆ تالەبانی ئەگەر نەبیتە بەلاّ لەوە ناچیت خیربداتەوە، بەلام باجی ئەم ئاکسیونە سیاسیە رەنگە ببیتە هۆی ئەوەی کە داشی پارتیو بەرزانی لە چوارچیوەی کوردستاندا بەسەر یەکیتیو

تاڵەبانیدا زاڵبیت. لە واقعیشدا تەنها کوردستان قەڵەمڕەوی واقعی ئەم حیزبانەیەو ئەمە بایەخی دریژماوەتری هەیە. مەسەلەی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە دەبی خەلکی کوردستان لە ناکۆکیو گیژاوی ئەم دوو حیزبو دەسەلاتە ناکۆکە بەسەرجەم خواستو ئامانجەکانیان کەلك وەرگرن، بزووتنەوەی خۆیان بۆ سەپاندنی خواستەکانی خۆیانو دەرکیشانی کوردستان لە رکیفی ئەوانو نەخشاندنی ئایندەیەکی درەخشان بۆ داهاتوی ئەم کۆمەلگایە بەریبخەن.

لە بارەی چارەسەری مەسەلەی کوردەوە، بە بروای من ئەم دوو حیزبە تەنها لە قولکردنەوەی ئەم کیشەیەو دورخستنەوەی لە ریگاچارەی گونجاودا دەور دەگیرن. ئەم کیشەیە تا قولبیتەوە دەسکەوتی بۆ ئەوان زیاتر دەبیت، سیاسەتو کارکردی ئەوان لەم بارەوە دەوری زۆری گیراوە. لە گفتوگۆیەکدا لەگەل بلاوکراوەی "کۆمۆنیست-فارسی زمان" کە لە ژمارەی پێشووی "ئۆکتۆبەر"یش چاب بوو، ئەمەم روونکردەوە بۆیە بە پیویستی نازانم لیرەدا دووبارە لەمبارەیەوە ئەو قسانە دوپات بکەمەوە.

بەلام لە بارەی زەرورەتی خواستی جیابونەوەی کوردستانەوە بە بروای من نەك هەرماوە بەلکو زۆر زیاتر بووە. دەورو جیگاوشیونی ناسیونالیزمی کورد لە حکومەتی تازە پیکهاتوی عیراقدا نەك هەر هیچ زەمانەتیك نیە بۆ چارەسەری ئەم کیشەیە، بەلکو کۆمەلگای کوردستانی لەبەردەم خەتەری گەورەتر قەرارداوە، مەسەلەکە لەوە واواترە کە تەنها باسی ئیلحاقی ئیجباری کوردستان بە دەولەتیکی کۆنەپەرستی قەومیو ئیسلامیەوە بکەین کە هەرکات بۆی بلویٚ خەلکی کوردستان سەرکوت دەکاتەوە، بەلکو خەتەری گەورەتر ئەوەیە کە گشت ئەو رەوەندەی تا ئیستا هاتووە ئەم کۆمەلگایەی لەبەردەم مەترسی تەقینەوەی بورکانی شەری قەومیو تائیفی داناوە. بیهیننە بەرچاوی خۆتان ئەو ناسیونالیزمە عەرەبەی کە دەبینی ناسیونالیزمی کورد بەسەر عەزمی تیکشاوی ئەودا بە دەستی ئەمریکا گەیشتوەتە سەر ئەو جیگایە، ئەگەر بچوکترین دەرفەتی بۆ بکریتەوە چ کاردانەوەیەکی فاشیانەی دەبیت؟ بیهیننە بەرچاوی خۆتان فتوای ناسیونالیزمی کورد بۆ دەرکردنی خەلکی عەرەبزمان لە کەرکوكو پیداگریان لەسەر سەپاندنی هەویەی قەومی کوردی بەسەر ئەو شارەدا، لەبەرامبەریشدا خۆپرچەك کردنی دەستەوتاقمو عەشیرەتە عەرەبو تورکمانەکان بۆ بەرپەرچدانەوەیان، بۆنی چ گۆماویکی خوینینی لی دیت؟ ئەمە جگە لەوەی کە ئیستا ئیتر بۆ جەماوەری خەلك رۆشنبووەتەوە کە تەنانەت سەرۆك کۆماری تالەبانی دیاردەیەکی کاتیو زۆر لەوە روالەتی ترە کە بتوانی هەتا بە تیروانینی ناسیونالیزمی کورد زامنی "مافەکانی کورد"بیت. جیابونەوەی کوردستان خواستیکە کە لە هەمیشە زیاتر زەرورەتی هەیەو دەبیٚ لە هەمیشە زیاترو بە تاوتر هەول بۆ پیادەکردنی بدریت، لە هەمان کاتدا زەمینەو هەلومەرج بۆ پیادەکردنی ئەم خواستە زۆر لەبارەو هەر لەو گفتوگۆیەدا لەگەل بلاوکراوەی کۆمۆنیست بەلگەکانی ئەم مەسەلەیەم باسکردوە.

خەسرەو سایە: سەردانی کۆندەلیزارایس بۆعیراق و یەکەم دیداری لەگەل مەسعود بارزانی لەلایەن پارتیەوە بەگرنگی پیدانی گەورەی مەسعود بارزانی وەك کەسایەتی سیاسی ئیستای عیراق لیکداوەتەوە و لەلایەکی تریشەوە لیکۆلەرەوە سیاسیەکان بە فریاکەوتنیك هەلیدەسەنگینن وگوایە بەدوای سەروك کۆماربوونی تالەبانی وپیکهاتنی حکومەتی جەعفەریدا نیگەرانی و بیزاری مەسعود بەرزانی و نارازیی بوونی حیزبەکەی لەوەزعەکان گوزارشدەکات.. رای ئیوە لەسەر ئەم قسانەچین و بەگشتی ئەم سەردانە چون دەخویننەوە؟

رێبوار ئەحمەد: مەسەلەکە سادەو رۆشنە، کۆندۆلیزارایس لە پەیوەند بە کیشەو گرفتەکانی نیوان یەکیتیو پارتیەوە سەردانی مسعود بارزانی کردوە. گفتوگۆکانیان گەیشتبووە بنبەستو خەریك بوو ریسەکەیان دەبوو بە خوریو یەکیك لە کۆلەکە سەرەکیەکانی سیاسەتی ئەمریکا لە عیراقدا کە ناسیونالیزمی کوردە دوچاری کیشەی گەورە دەبوو. وەزیری خارجی ئەمریکا فریاکەوت بۆ ئەوەی دەوری ئەمریکا لە چارەسەری ئەو گرفتە بگیریٚ. واقعیەتی مەسەلەکەش ئەوەیە کە هەرچەندە تالەبانی کاندیدی هاوبەشی یەکیتیو پارتی بوو، بەلام ئاکیسونی گەورەی یەکیتی بەم بۆنەیەوە دلی پارتی گوشی، بۆیە دوای ئەوە پارتی کەوتە توندکردنەوەی مەرجو خواستەکانی لەسەر یەکیتی. ئەمەش کیشەکانیانی قولکردەوە. لە راستیدا وەزیری خارجی ئەمریکا بۆ رازی کردنی بارزانیو نزیککردنەوەیان لەیەك سەردانی کردو بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەبوون ئیمتیازی سەردانو دیداریکی لەو ئاستەی پیبدەن. بی گومان راگەیاندنی پارتیش هەولیدا کەلك لەمە وەرگریت وەکو بایەخدانیك بە بارزانیو زەقکردنەوەی دەوری کەسایەتی ئەو لەبەرامبەر زەقکردنەوەی دەوری تالەبانی بە پۆستی سەرۆك کۆماریەوە.

خەسرەو سایە: لەگۆشەیەکی قسەکانی رایسدا باسی دەستوری عیراق بۆتە جیگای ئاماژەو ئەو ووتی کەیەکیك لەمەبەستەکانی ئەم سەردانەم بۆئەوەیە کە عیراقیەکان بۆ بەرجەستەکردنەوەی دیموکراسی عیراقی دەستوریکی دابنین کە وەلام بە نیازی هەموو بەشەکانی عیراق بداتەوە.. مەبەست لەم شیوە راگەیاندنەی رایس چیە ئایا ئەمە ریگادەکاتەوە بۆئەوەی کەلایەنە علمانی و سکولارەکان تەرفیك بن لەدانانی دەستوریك لەعیراقدا؟

ێبوار ئەحمەد: من ئەم قسانە بەو پروپاگەندە پوچانە دەزانم کە هەمیشە ئەم جۆرە سیاسەتمەدارانە دەیکەنە روالەتو ناونیشانی بێ مایەو بی ناوەرکی ئەو دیدارو سەردانانەیان کە لە بنەرەتدا مەبەستیکی تایبەتی تری لە پشتەوەیە. بە بروای من باسو پرۆژەی دارشتنی دەستوری عیراق لە هەلومەرجی ئیستادا جیگای هیچ لایەنیکی علمانیو دەورودەخالەتی خەلکی تیانابیتەوەو پەردەیەکی دیکەیە بۆ قولکردنەوەی سیناریۆ کارەستبارەکانی ئیستای عیراق. ئەو دەستورەی کە بە سەرپەرشتی ئەمریکاو لەسەر دەستی هیزە قەومیو دینیەکانی عیراق دابریژریت شتیك نیە

جگە لە گەلالە کردنی کارکردی تا ئیستاو دوپاتکردنەوەی ئەو یاساو بریارو پرۆژانەی کە تا ئیستا بۆ دابرینی هەویەی قەومی و دینی بەسەر کۆمەلگای عیراق و دەستەبەندی کردنی هاولاتیانیدا رایانگەیاندوە، شتیك نیە جگە لە پەرەپیدانی قلشت و کینەو شەری قەومی و تائیفی و ئینکاری لە مافی هاولاتیان.

ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگەو نابی خەلکی عیراق بە ووینەی پرۆسەیەك چاوی لی بکەن کە گوایە" پرۆژەیەکە بۆ بەرجەستەکردنەوەی دیموکراسی و دارشتنی دەستوریك کە وەلام بە نیازی هەموو بەشەکانی عیراق بداتەوە.." ئەمانە قسەی پوچ و بێ ناوەرۆکن و هەمیشە دوپاتی دەکەنەوە. پرۆژەی "دارشتنی دەستور" لە ئیستاداو بەوجۆرەی بەریخراوە پرۆژەی خەلك نیە بۆ وەلامدانەوە بە خواستەکانی خۆیان، بەلکو پرۆژەی ئەمریکاو هیزە قەومی و دینیەکانە بۆ بی ئیرادەکردنی خەلك، بۆ داسەپاندنی بەدیلی کۆنەپەرستانەی خۆیان، بۆ دابرینی ئەحکامی قەومی و ئیسلامی لە قالبی دەستوردا بەسەر خەلکدا، ئەم پرۆژەیە خەتەری تەقینەوەی شەرو کوشتاری قەومی و دینی زیاتر دەکات و ئەبعادە کارەساتبارەکانی قولتر دەکاتەوە. خەلك نابی بەمە خۆشباوەبن، نابێ فریوبخۆن و خواست و ئارەزووەکانی خۆیان بکەنە ئەرزو حال و بیخەنە بەردەستی ئەم ئاخوندو سەرەك قەوم و عەشیرانە بۆ ئەوەی بۆیان گەلالە بکەن، نابێ چاوەروانی هیچ خواستیکی خۆیان لەوان بکەن، نابێ ئەوەیان بۆ بەرەسمی بناسن کە بە نوینەرایەتی خەلك دەستور بۆ بەریوەبردنی کۆمەلگا دابریژن. ئەمانە بەرهەمی جەنگی ویرانکاری و داگیرکاری و داروخاندنی شیرازەی ژیانی مەدەنین. دەبێ لەگەل داگیرکەران و تیرۆریستاندا هەموو دام و دەزگای داسەپینراوو لەرزۆکیان هەلوەشیتەوەو ئیرادەی راستەوخۆی خەلك دەسەلات و سیستەمی حوکمرانی و دەستوری ئازادیخوازانەو سکولاری داهاتوی عیراق دیاری بکات.

بە بروای من بە کەلك وەرگرتن لە سیناریۆی گالتەجارانەی هەلبژاردنیك کە جگە لە ئالۆزکردنی زیاتری هەل‌ومەجی ئیستای عیراق و زیادکردنی مەترسی لەسەر ژیانی خەلك و چارەنوسی کۆمەلگا هیچ ئەنجامیکی تری لێ نەکەوتەوە، ئیتر نابی بواربدریت پرۆژەی بە ناو دارشتنی دەستور ببیتە سیناریۆیەیکی فریوکارانەی دیکە، نابی ریگای چەواشەکاریەکی دیکەی خەلك بە ئەمریکاو هیزە قەومی و دینیەکان بدریت، نابی ئەم تەرحە ریگا لە خەلك تیکبدات و مەیدانی واقعی خەباتیان بگۆریت. ریگای گەیشتنی خەلك بە خواستەکانیان و دەستەبەرکردنی ئامانجەکانیان، ئومیدگریدانەوە بەو دەستورە نیە کە ئەم هیزانە بریارە دایبریژن، خۆشباوەری بەوە نیە کە گوایە ئەمانە دەرگا ئاوەلا دەکەن بۆ هەموو چین و تویژەکان و قەوم و عەشیرەو تائیفەیەك کە بەشداری لە دارشتنی ئەم دەستورەدا بکەن. بە هیچ جۆریك ئەمە مەیدانی نەبەری واقعی جەماوەری خەلکی ئازادیخواز نیە بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانیان.

بەلکو بە پیچەوانەوە جەماوەری خەلك دەبێ بەرامبەر ئەم پرۆژەی قولکردنەوەی کارەساتە راوەستن، مەشروعیەتی ئەو هیزانە ریسوا بکەن، وە لە جیاتی چاوەروانی لەوان بۆ گەلالە کردنی خواستەکانیان لە دوو توێی دەستوریکدا، دەبی مەیدانی نەبەردی واقعی خۆیان جۆشبدەن، مەیدانی نەبەردو خەباتی واقعی خەلك پەرەپیدانی بزووتنەوەی سەربەخۆی خۆیانە لە دەوری بەدیل و ئامانج و خواستە سەرەکیەکانی خۆیان، لە دەوری هەلپیچانی ئەم هیزانە و لە چوارچیوەی کۆنگرەی ئازادی عیراقدا لە پیناو مسۆگەرکردنی ئەمنیەت و گوزەران و ئازادی. سەرخەتی پلاتفۆرمی ئەم بزووتنەوەیە بریتیە لە کردنەدەرەوەی ئەمریکاو دەسکۆتاکردنی هیزە قەومی و ئیسلامیەکان، هەلوەشانەوەی هەموو دام‌وودەزگاو دامەزراوەو یاساو بریاریکی ئەنجامی جەنگ و داگیرکاری، مافی خەلك بۆ بریاردانی ئازادانەو هوشیارانە لەسەر سیستەمی حوکمرانی ئایندەی عیراق، جیاکردنەوەی دین لە دەولەت، یەکسانی هەمەلایەنەی مافی ژنان و پیاوان، یەکسانی مافی هاولاتیان بەدەر لە ناسنامەی قەومی و دینی و... مافی خەلکی کوردستان بۆ بەرپاکردنی ریفراندۆم بریاردان لەسەر جیابونەوەو پیکیهنانی دەولەتی سەربەخۆ... ئەمە مەیدانی نەبەردی واقعی جەماوەری خەلکی ئازادیخوازە لە بەرامبەر پیلانی ئەوان بۆ داسەپاندنی دەستوری قەومی و دینی کۆنەپەرستانەو سەپاندنی دەسەلاتی خۆیان بەسەر کۆمەلگادا.

لە هەمانکاتدا بە بروای من مەسەلەیەکی زۆر گرنگ لە پەیوەند بە باسی دارشتنی دەستور، ئەگەر لە هەر سەردەم و هەل‌ومەرجیکدا بیتەگۆرێ، بە بنەمادانانی بەیاننامەی مافە جیهانداگرەکانی ئینسانە، ئەم بەیانامەیە کە لەلایەن کۆنگرەی سێیەمی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقەوە پەسەندکراوەو راگەیەنراوە، لەسەروی هەموو دەستورو یاسایەکەوە ئەو مافانەی بەیان کردوە کە مافی ئینکارهەلنەگری هەموو ئینسانیکن لە جیهاندا، هیچ یاساو دەستوریك بە هیچ بەهانەیەك، لەوانە هەل‌ومەرج و فەرهەنگ و پیکهاتەو... هیچ کۆمەلگایەك ناتوانی بکاتە پاساو بۆ پیشیلکردنی هیچ بەندیکی ئەو مافانە. هەر دەستورو یاسایەك لەگەل ئەو مافانە بکەویتە ناکۆکیەوە بە ووینەی یاساو دەتسوریکی دژی ئینسانی مەحکوم بە هەلوەشانەوەیە. بە بروای من نە تەنها لە پەیوەند بە باسی دارشتنی دەستورەوە بەلکو بەگشتی لەم هەل‌ومەرجە سەخت و ئالۆزەی عیراقدا، کە سەرەتاییترین مافی ئینسان پیشیلکراوەو دواکەوتوانەترین پیوانەو قەیدو بەندی وولاتی (محەلی) بۆ پیناسەکردنی مافەکانی ئینسان داتاشراوە، ئەم بەیانامەیە بەلگەنامەیەکی گەورەیە بەدەست جەماوەری خەلکی عیراقەوە، کە روانگەیەکی یەکسان و بەرزو جیهانداگر بۆ مافەکانی ئینسان بەدەستەوە دەدات. ئەمە دەبێ لە مەیدانی خەباتدا بە دەستەوە بگیرێ و لەسەروی هەموو یاساو دەستوریکەوە بیت و بنەمای هەموو ئەو یاساو دەستورانە پیکدبهینیت کە دەبێ بۆ بەریوەبردنی کۆمەلگا دابریژریت.